# کۆماری مەهاباد، کۆماری کوردستان یان جمهووریەتی کوردستان

**سەلاحەددین بایەزیدی**

شەست ساڵ بەسەر تەمەنی جمهووریەتی کوردستاندا تێدەپەڕێ. لەو ماوەیەدا بەهەزاران وتارو سەدان کتێب و نامیلکەی تایبەت نووسراوە و لەهەر ساڵێکدا لەلایەن کۆڕ و کۆمەڵ و لایەنە جوداکانەوە ـ بەبیر و ڕامانی جیاوازەوە ـ پیرۆز کراوە و ڕێزی لێ گیراوە. بەڵام ئەوەی جێی داخە لەزۆربەی هەرە زۆری ئەو نووسین و کتێبانە دا ناوی جمهووریەتی کوردستان بەهەڵە هاتووە و لەگەڵ ئەوەی زۆر جار لەلایەن لێوەکۆڵان و بەجێماوانی جمهووریەت ڕوونکردنەوەی پێویست کراوە، ئەوا دیسان ئەو هەڵەیە دووپات بۆتەوە. دیارە ئەمانەت لە بەڵگە و ناوی ڕابوردووویانمان دا زۆر گرنگە و پێویستە لە وەرگرتن و گواستنەوەی بۆ داهاتووانمان دا وەفادار بین. لەهەموو بەڵگەکانی فەرمی ئەو کاتە وەك نامە، ڕۆژنامە، گۆڤار، بەڵگەی نهێنی دەوڵەتی و ... ڕا بۆمان دەردەکەوێ کە جمهووریەتی کوردستان لەهەموو ناوێك دروست ترە. لەوانەیە هەندێك کەس بڵێن شتێکی ئاساییە، ناو گرنگ نییە و مرۆڤ دەتوانێ وشەی بیانی لێ دەرخات، بەڵام ئەمن پێم وایە کە وەرگێڕان یان گۆڕینی ناوێکی مێژوویی زێدە لەجێی خۆی دا نییە. لەمێژووی گەلانی هاوسێ دا چاومان بە زۆر ناوی وا دەکەوێت کە بیانین و لەهەمان کاتدا وشەی وەهاش هەن کە لەجێی وانیان دانێن، بەڵام لەم کارە خۆیان دەبوێرن.

لەم وتارە دا بۆ سەلماندنی ئەوەی کە پێداگری لەسەر ناوی جمهووریەت ڕاستە، ئاماژە بەشێعری چەند شاعیرێکی ئەو کات دەکەین. سەرەتا مامۆستا هێمن بە نموونە دەهێنینەوە کە یەکێك بوو لە دڵسۆزان و کادیرانی بەوەجی جمهووریەتی کوردستان و جێ پەنجەی لەسەر ڕۆژنامەوانی ئەو کات بەباشی دیارە و بگرە ڕۆڵی سەرەکیی گێڕاوە. مامۆستا لەشیعرێکی دا دەڵێ:

جێژنە پیرۆزە دەکەم لێت و دەڵێم خۆش بی بژی

ئەی ڕەئیس جمهووری کورد و پیاوی زانا و موحتەڕەم

لێرەدا دەست نیشان کردنی خاڵێکی دیکە زۆر گرنگە. هەمووومان دەزانین کە مامۆستا هێمن تا چ ڕادەیەك هەوڵی دەدا بەکوردییەکی پەتی بنووسێ و لەبەکارهێنانی وشەی بیانی دا تا توانیبای خۆی دەبوارد. پێم وایە لەو شێعرە و چەند شێعری دیکەش دا دەیتوانی بڵێ کۆماری کوردستان یان سەرۆك کۆمار. بەڵام بە بڕوای من نەیەویستووە دەست لەم یادگارییە وەربدا.

مامۆستا هەژاریش کە لەزمانی کوردی دا دەستێکی باڵای هەیە و ئەویش یەکێکی تر بووە لە غەزەڵخوێنانی باخی هونەری ئەو سەردەمە، لە چوارێنەی "ڕێبەندان"دا دەڵێ:

لەنێو مانگان دا جوان و ڕوو سووری

لەتۆ دا کرا جێژنی جمهووری...

باسەکەمان بە دوو نموونەی دیکە لە مامۆستا سەیید کامیل ئیمامی (ئاوات) و سوارە ئیلخانی زادە درێژە پێ دەدەین.

سەیید کامیل ئیمامی:

بێکەس و بێدەر بووین ئەمما تۆ گەیشتی و بووینە کەس

هەر بژی بۆ لاگری مە، ئەی ڕەئیس جمهووری کورد...

سوارە ئیلخانی زادە:

پاش چەند ساڵ لە نوور دووریمان

هەڵ بوو چرای جمهووریمان..

***

لەتورکیای ئەوڕۆدا زۆر دەستەواژە لە سەردەمی عوسمانییەکان بەجێ ماون کە کەس تێیان ناگا، لە گەڵ ئەوەشدا مێژوونووسانی هەوڵی گۆڕینی نادەن، پێم وابی ئێمەی کورد لەهەموو پارچەیەك دەزانین جمهووریەت چییە و گۆڕینیشی هیچ

پێویست نییە. دەتوانین لە جێگەی دیکەدا بەجمهووریەت بڵێین کۆمار، بەڵام با ناوی و یادی جمهووریەتی کوردستان وەک جۆش و خرۆشی شەست ساڵ لەمەو پێش زیندوو ڕاگرین.

tapomukri@hotmail.com